# کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕ لەسەر ئافرەت


م. فەوزیە عبداللە محمد

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی


## پێشەکی

ئەگەر خوێندنەوەیەکی وورد بۆ مێژووی شەڕەکان بکرێت لە بارەی ئاکام و زیانەکانی چ لەسەر ئاستی جیهانی بوو بێت یاخود ئەقلیمی یاخود بنەماڵەیی واتە لە نێوان دوو عەشیرەت، هەر لەو ساتە وەختەوە تاوەکو ئێستا بێجگە لە کوشتنی مرۆڤەکان لە هەردوو بەری شەڕدا زیانی ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە...هتد، ئەو زیانانەش بە پێی ماوەی شەڕەکاندا کاریگەری هەبووە لەسەر تێکچوونی لایەنەکانی تری بارودۆخی ژیان، بە تایبەتی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئافرەت، بێجگە لەوەی زۆرێك لە ئافرەتان، هاوسەر و مناڵەکانیان دەبنە قوربانی شەڕ و بێوەژن دەکەون مناڵەکانیان لە نازی باوك بێ بەش دەکرێن، لە لایەکی ترەوە ئافرەتان و کچان بە هۆی شەڕەوە تووشی چەندین گیروگرفت دەبن، وەکو، ڕەفاندن و تۆقاندن و ترساندن و دستدرێژی سێکسی و جەستەیی و زارەکی و بە کۆیلەکردنیان وەکو کەنیز وخزمەتکار دواتریش فروشتنیان واتە بازرگانیکردن پێیانەوە بە مەبەستی تایبەت، وەك هەڕەشەیەك بۆ کاتی تەنگانە بۆ مەرامی چەپەڵ بە کاریان دەهێنن، ئەمانە و چەندین کێشەی تر کە بەسەر ئافرەتاندا دێت لە ئەنجامی شەڕ و ئاوارەیی ، بۆیە لە کاتی بوونی شەڕدا مناڵ و ئافرەت بە قوربانی یەکەم دادەنرێت، لە کاتێدا کە سەرچاوەی شەڕەکانیش بریتیە لە ململانێ ڕەگەزی نێر بە مەبەستی سیاسی و ئابوری و ئاینی و کۆمەڵایەتی...هتد.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك و چوار بەش پێك هاتووە، لە بەشی یەکەم تیشك خراوەتە سەر چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە وچەمکە سەرەکییەکان، کە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم دیاریکراوە بۆ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، و لە باسی دووەمدا چەمکە سەرەکیەکان دیاریکراوە. بەڵام لە بەشی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕ لەسەر ئافرەت ئەویش لە پێنج باس پێك دێت. و لە بەشی سێیەمدا تیشك خراوەتە سەرچوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە، و لە چوار خاڵ پێك هاتووە، و بەشی چوارەم کە بەشی کۆتایی توێژینەوەکەیە پێکدێت لە دوو خاڵ یەکەم بۆ دیاریکردنی ئەنجامەکان ودووەم بۆ پێشنیاز وڕاسپاردەکان، لە کۆتاییدا سەرچاوە و وێنە و پوختەی توێژینەوەکان خراوەتە ڕوو بە زمانەکانی عەرەبی و بیانی.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکان

### باسی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

#### ١- گرفتی توێژینەوەکە

گرفتی توێژینەوە واتە بوونی کێشەیەك یان گرفتێك کە پێویست بە وڵامدانەوە بکات، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە دیاریکردنی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕ لەسەر ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی.

#### ٢- ئامانجی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە دیاریکردنی ئامانج هەیە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە:-

١- زانینی کاریگەری شەڕە لەسەر ئافرەت .
٢- زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی ئافرەت.
٣- زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر لایەنی دەروونی ئافرەت.
٤- زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر لایەنی تەندروستی ئافرەت.
٥- زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر لایەنی ئابوری ئافرەت.

#### ٣- گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەك چ لە ڕووی تیۆریەوە بێت یاخود پراکتیکی گرنگی وبایەخی خۆی هەیە لە ڕووی زانستیەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆریەوە لەوەدایە کەوا تیشك دەخاتە سەر بابەتێك سەبارەت بە دۆزی ئافرەت لە کاتی شەڕدا، دیاری کردنی کێشەکانی ئافرەت لە کاتی ململانێ سیاسیەکاندا. وگرنگیەکی تری ئەم بابەتە لەوە دایە کەوا ئەو کاریگەریانە دیاریدەکات کە بەرۆکی ئافرەتان دەگرێت لە کاتی شەڕەکاندا. بەڵام گرنگی ئەم بابەتە لە ڕووی پراکتیکیەوە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیە بۆ ئافرەتانی بەرکەووتی شەڕ لە ئەنجامی گەیشتن بە چەند ئەنجامێك، وگەیاندنی ئەم پرسە لە ڕێگای توێژینەوە بۆ لایەنەکانی پەیوەندیدار وەکو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە و فێردکردن بەمەبەستی ئاگادار بوون لە ڕەوشی ئافرەت ودانانی پلان ویارمەتیدانیان لە دوای شەڕ...هتد.

### باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکان

#### ١- کاریگەر: (Influence)

وەکو پێناسە ووشەی کاریگەر پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە، لەبەر ئەوەی ناونیشان و جۆرو ئاستی دیاردەکان ووشەی کاریگەری دیاری دەکات، لە هەندێك پەرتووك و فەرهەنگدا ئەم ووشەیە بە لایەنە پۆزەتفکەی ئاماژەی بۆ کراوە، هەر وەك چۆن لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا ووشەی کاریگەر بە لاتینی ئاماژە دەکات بە بوونی هێزێکی شاراوە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی تر بە مەبەستی گۆڕانکاری لە توانای کەسەکان، دواتر ئەم ووشەیە دابەزیوە بۆ سەر زەوی و ڕەهەندێکی مرۆڤایەتی وەرگرتووە کە ئاماژە دەکات بە بوونی توانایی هەر کەسێك بە مەبەستی گۆڕینی هزری کەسانی تر و ڕەفتارەکانیان، زۆر جاریش هەنگاونان بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گۆڕانکاریەکان بە بێ ویست بووە، کە واتە بیرۆکەی کاریگەر بۆ ئەو شوێنە دەمانبات کە بیرۆکەیەکی دەسەلاتی شاراوەیە[1].

٢- ئافرەت: (Women)

ئافرەت کیانێکی مرۆڤایەتی بێ لایەنە ، بەهای مرۆیی تەواوە هەیە بەهەمان شێوەی پیاو، ماڤی هەیە وەك چۆن ئەرکیشی لەسەرە بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا بە بێ جیاوازی لەگەڵ پیاودا [٢].
لەم پێناسەیەدا ئەومان بۆ روونەبێتەوە کە وا ماڤ وئەرکی ئافرەت لە گەڵ پیاو یەکسانن ، بەڵام لە واقع و کاتی شەڕ وئاوارەییدا مامەڵەکردن لە گەڵ ئافرەتان جیاوازە، بە تایبەتی کاتێك بە دیل دەگیرێن وەکو کچان و ئافرەتانی ئیزدی کاتێك ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن وەك نێچیرێك یان کالایەك بەکاریان دەهێنن ودەیان چەوسێننەوە وئازاریان دەدەن، دواتر ئەو کاریگەریانە دەبنە هۆکارە بۆ دروست بوونی کاریگەریەکانی تر وەکو دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ...هتد، هەر وەك چۆن .

٣- شەڕ: (The war)

لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا و لە نێوان ملله‌تاندا چەمکی شەڕ لە چوارچێوەی ململانێ سەربازی پڕچەك دیاریدەکرێت، کە ئاراستە دەکرێن لە لایەن دەسەلاتدارانەوە، و هەر لە کۆنەوە شەڕ هەبووە لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتی، بەلام تێگەیشتن لێی بۆتە دۆزێکی زۆر پێویست لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنین بۆ لەناو بردنی خۆمان[٣]. زانایانی کۆمەڵناسیش پێنج هۆکاریان دیاری کردووە کەوا بە هۆکاری سەرەکی دەزانن لە کاتی ڕوودانی شەڕ لە نێوان هێزەکان ؟، یەکەم هۆکار: هۆکاری هەڕەشە لەسەر میللەت و هەرێم و کلتور. دووەم: بوونی کێشە کۆمەلایەتیەکان وەك کێشەی ئابوری یان کێشە ناوخۆییەکان. سێیەم: ئامانجی سیاسی، واتە مەبەستێکی سیاسی هەبێت بۆ هەلگیرسانی شەڕ. چوارەم: ئامانجی ڕۆشنبیری و ئەخلاقی بۆ بەدست هێنانی سامان وسەروەت بەپاساوی نەبوونی ئازادی. پێنجەم: نەبوونی ئەلتەرناتیف بە مەبەستی قازانج و بەرژەوەندی[٤].
چەمکی شەڕ ئاماژەیە بە هێرشکردنە سەر ولاتێك یان هەرێمێك یان هەر شوێنێك کە لایەنێك یان گروپێکی دیاریکراو یان گرووپێکی ڕێکخراو لە لایەن وولاتێکی زلهێزەوە یان نیمچە زلهێز ڕێکخرابێ، بە ئامانجی سیاسی وبەرژەوەندی درێژە بە شەڕ بدات لە پێناو قازانجی ئابوری.

---

[١]-دورتیه، جان فرانسوا، معجم العلوم الانسانية، ترجمة جورج كتورة، ط٢ ، كلمة و مجد المؤسسة الجامعية للنشر والتوزيع ، بيروت، ص١٧٩، ٢٠١١.
[٢]- أبو مصلح،عدنان، معجم علم الاجتماع، دار أسامة للطبع،عمان،٢٠٠٦،ص٧٢.
[٣]- عبد الحسين،لاهاي، مصطلحات ونصوص سوسيولوجية، باللغتين العربية والانكليزية،مطبعة الخير للنشر، بغداد،ص١٨٨، ٢٠٠٨.
[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨- ١٨٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی دووەم : کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕ لەسەر ئافرەت**

**دەسپێك**

**کاتێك شەڕ وپێکدادان دروست دەبێت لە نێوان دوو گروپ یان دوو هێز ، هۆکارەکەی سیاسی بێت یان بەرژەوەندی ئابوری و کلتووری بێت...هتد، لەم ناوەندەدا ئافرەت لە ڕووی زیان وقوربانیدانەوە زۆرترین ڕێژی قوربانی شەڕەکان بووە؟ چونکە لە هەندێك شەڕدا شەهید دەکرێن و بریندار دەکرێن بێجگە لە تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی و جەستەیی ودەستدرێژی و ناچارکردن و بە کۆیلەکردن و بە بازرگانیکردن پێیانەوە، کە ئەم دەستەواژانە زۆر بە داخەوە لە کاتی بوونی شەڕدا بەرۆکی ئافرەتان وکچان دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە پرۆسەکانی ئەنفالی ساڵی ۱۹۸۸ ڕوویدا لە گەرمیان و شاری کەرکوك و چەند ناوچەیەکی تر لە کوردستان بە هەزارەها ئافرەت بوونە قوربانی ململانێ سیاسی وەك کوشتن و زیندە بە چاڵکردن یاخود زیندانی و دەستدرێژی بە هەموو جۆرەکانیەوە بێجگە لە فرۆشتن و بازرگانیکردن پێیانەوە بۆ وڵاتانی بێگانە وەکو کوێت و میسر کە تائێستاش ژمارە و سەرچاوەی دروست لەو بارەیەوە نیە، بە هەزارەها ئافرەت بێوەژن کەوتن وخێزانەکانیان هەڵوەشایەوە بە هۆی هۆکاری سیاسیەوە، و کارەساتی دووەمیش کە بەسەر ئافرەتان و کچانی ئێزدیدا هات ژمارەیەك لەو ئافرەتان فرۆشران ودەستدرێژی جەستەیی و سێکسی و زارەکی ...هتد کرایە سەریان، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت ئەو کاریگەریانە بخەینە ڕوو:-**

**باسی یەکەم: کاریگەریە دەروونیەکان**

**سەرجەم ئەو کاریگەرییانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر تیکچوونی باری دەروونی ئافرەت لە ئەنجامی شەڕ و ململانێ سیاسیەکان، ئەم کاریگەریانەش زۆرن وجۆراو جۆرن، بریتین لە:-**

**١- دەڵەڕاوکێی دەروونی: بە هۆی ئەوەی ئافرەت لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە وەك ڕەگەزی نێر نیە ، لە ڕووی جەستەییەوە وەك پیاو بەهێز نیە ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە لە ڕووی دەروونیەوە ئافرەت هەست وسۆزی زیاترە لە پیاو بە هۆکاری ئەوەی کە شیردەدات بە کۆرپەلە و هەست وسۆزی دایکایەتی زیاتر کاری تێدەکات و نەرم و نیانی لەش و لاری و شێوەی جەستەی کارە دەکاتە سەر لایەنی دەروونی یان لە ئەنجامی ئەو ژینگەیەیی کە لێی پەروەردە دەبێت زیاتر هۆکارە بۆ ئەوەی لە کاتە نەخوازراوەکاندا باری دەروونی زووتر دەشڵەژێ و تووشی دڵە ڕاوکێی دەروونی دەبێت.**

**ژنێکی تەمەن (٢٠) ساڵم دواند خوێندواری نەبوو، ماڵی لە ژێر چادرێك بوو (٢) مناڵی هەبوو ووتی (٤) ساڵە ئاوارەیین هەر ساڵەو لە شوێنیکی ئەم پارچەیە ژیان دەکەین لەبەر ئەوەی ئەگەر کار و کاسبی لێرە نەمێنی دەڕۆین بۆ شوێنێکی تر، پرسیم لە کاتی شەڕ لەوی بوون بارووددۆخ چۆن بوو؟، ووتی لەو کاتەوەی شەڕ بووە تا ئێستا هەر دەترسم هیچ هەست بە ئارامی ناکەم بە شەو ورۆژ وادەزانم شتێك دەبێ ودەشڵەژێم بە زاری ئەو نابێ مناڵەکان لێم دووربن وادەزانم شەڕێکی تر ڕوودەدات [5]. ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی سەربازیدا، ئەگەر هاتوو ئافرەت ڕووداو وکارەساتەکانی شەڕی چ بە شێوەی بینین یان بیستن بارودۆخەکەی بینێبێت ئەگەر هاتوو ئافرەت لەو ساتە وەختەدا دووگیان یان خاوەن مناڵ بۆ بێت یان تازە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدا بێت یان**

[5]- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر(٦:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.

کچە لە تەمەنێکی هەستیارو تازە پێگەیشتووە وهیچ ئەزموونێکی نەبووە پێشتر لەبارەی کارەسات و شەڕەوە، ئەم هۆکارانە کاریگەری دەبێت لەسەر تێکچوونی باری دەروونی، بە تایبەتیش ئەو ئافرەتانەی کە لە شەڕەکاندا دەست بەسەر دەکرێن و دەگیرێن یان دەستدرێژی جۆراو جۆریان دەکرێتە سەر...هتد.

٢- کاریگەری دەبێت لەسەر ترساندن وتۆقاندنی ئافرەت: لە ئەنجامی شەڕ ونائارامی شوێنی ژیانکردن، زۆریك لە ئافرەتان، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کەوا ئەزموونیان کەمە یان هەر ئەزموونیان نیە لەبارەی شەڕەوە و لە ئەنجامی ئەو بارووذۆخە ناهەموارەی کە بەسەریان دێت لە دەنگی تۆپ وتەیارە و گوولە و جۆرەکانی تری چەکە قورسەکان لە ئاکامدا تووشی ترس و تۆقین دەبنەوە.

لەم بارەیەوە ژنێکی تەمەن(٢٣) ساڵم دوواند خاوەن (٥) منالْ بوو ، خوێندەواری نەبوو، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، لە پرسیاردا پێم ووت ئەو کاتەی کە شەڕ بوو چەند منالْت هەبوو؟ ووتی (٣) منالْ و دووگیانیش بووم ، ووتی منالێکی ترم لە شاری هەولێر لە دایك بووە، ووتم باشە بۆ بەرگیری ناکەن با منالْتان نەبێت تا بارودۆخی ژیانتان باش دەبێت، ووتی خودا رزقی وان دەدات بە زاری ئەو، ووتم باسی ئەو کاتەم بۆ بکە کە شەڕ بوو چیتان کرد؟، ووتی ئێمە بە ئاسانی نەهاتووین بۆ ئێرە زۆر زەحمەتیمان دیت، منالەکانم زۆر ترسان لە دەنگی تەقە و تۆپ وهاتنی دوژمن ، نەمان دەزانی یەکەم جار کێ هێرش دەکاتە سەرمان چونکە کورد دوژمنی زۆرە ، ووتم باسی ئەوەم بۆ بکە بۆ ترسای؟ ووتی لە ژیانی خۆم نا لە منالەکانم زۆر بچوك بوون لە باوکیان ئەترسام چونکە ئێمە پێشتر تەنها خەریکی کارکردن بووین لە شوێنی خۆمان، ووتم ئێستا هەست بە ئارامی دەکەیت ووتی بڕوا بکە بایەك هەڵدەکات وادەزانم دیسان شەڕە هەر دەترسم[٦].

کچ یان ژن بە بارمتەی شەڕ دەگیرێن هیچ دەسەڵاتێکی نابێ لێرەدا تووشی ترساندن دەبن بە هەڕەشەی جۆراو جۆر، ئەم حالەتە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی و کەسایەتی ئافرەت لە دوای ئازادکردنیشی بۆ دواڕۆژ هەڵسوکەوتی و ڕەفتاری دەگۆڕێت بۆ کەسێکی بێ دەسەلات و ترسنۆك و لاواز لە بڕیاردان، ئەمەش دواتر کاریگەری تری لێدەکەوێتەوە بۆ بەرهەم هێنانی نەوەیەکی تر.

٣- کاریگەری دەبێت لەسەر توشبوون بە نەخۆشی دەروونی: هۆکارێکی تر کە ئافرەت تووشی دەبێت لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانیدا، تووش بوونە بە نەخۆشی دەروونی، بە تایبەتیش ئەو ئافرەتانەی کە دەستدرێژی سێکسی و جەستەیی و تووشی پەلاماردان و سزادان دەبن بە هۆی شەڕەوە ، لەم حالەتەدا بە پێی کات و بارووذۆخی ژینگەی ئافرەتی بەرکەوتووی شەڕ تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن.

ئەوەی لای هەموان ڕوونە کارەساتەکەی ژیانی نادیە مورادە کە وەکو یەکێك لە بەرکەوتووانی شەڕ تا ماوەیەك لە ژێر دەسەلاتی گروپی بە ناو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بووە ، کە کچێکی ئێزدیە لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٣ خەڵکی گوندی (کۆجۆ)یە سەر بە قەزای شنگالە، لە دوای ئەوەی دایکی و شەش لە براکانی دەکوژرێت ولەدستیان دەدات، دواتر تا ماوەیەك ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجەدان و توندوتیژی جەستەیی و سێکسی دەبێتەوە لە لایەن ئەو گروپەوە، دواتر هەوڵی ڕاکردن و ڕزگارکردن دەدات لە دەستی ئەو گروپە ، لە دوای ڕزگارکردنی دەنێردرێت بۆ وڵاتی ئەڵمانیا لە وێش ماوەیەك لە ژێر چارەسەری دەروونی دەبێت، دواتر لە ساڵی

---

٦ – چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر(٧) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٠١٦ خەلاَتی نۆبڵ بۆ ئاشتی پێ دەبەخشرێت وەکو ڕەمزێك بۆ چەوسانەوە ئێزدییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی وگەلانی تریش بە گشتی[٧].

٤- خەمۆکی: بە هۆی لەدەست دانی کەسانی نزیکەوە وەکو دایك یان باوك یان منداڵ یان هاوسەر ...هتد لە ئازیزان لە ئاکامی شەڕ بە تایبەتی ئەگەر هاتوو لە پێش چاوی ئافرەتەکە کارەساتەکە ڕوویدا بێت، وەك چۆن بینیمان لە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کە ئافرەتێکی سەر بە ئاینی ئێزدی لە پێش چاوی خۆی منداڵەکانی گولە باران دەکرێت، یان بە پێچەوانەوە دایك هەبوو گولە باران دەکرا بۆ ئەوەی سزای دەروونی منداڵەکانی بدەن ، زۆرێك لە خێزانەکان لە کاتی کۆچکردندا بە هۆی شەڕەوە نقومی دەریایی ئاوی ئیجە بوون و لە پیش چاوی خۆیان منداڵ و خێزانیان لە دەستداوە، لێرەدا کەسی کاریگەر تووشی خەمۆکی دەبێت.

چاوپێکەوتن لەگەل ژنێکی تەمەن(٢٠) ساڵ خەڵکی ڕۆژ ئاوای کوردستانە، خوێندواری نەبوو، منالّی نەبوو، ووتی (١٣) ساڵە هاوسەرگیرییم کردووە، هەوەها ووتی بۆ ماوەی (٤) ساڵ دەبێ لە باشوری کوردستانیین، لە پرسیارێکدا پرسییم بۆ منالّت نیە ووتم بەبوورە ئەم پرسیارەدەکەم؟، لە وڵامدا ووتی چونکە پێنچ جار لەبارم چووە (اجهاض) منالّم بۆ نامێنێت، پرسیم بۆ چارەسەری خۆی ناکات؟، لە وڵامدا ووتی تووشی خوێن بەربوون دەبم خەوی ناخۆش دەبینم بە بەردەوامی هەست بە ترس دەکەم زۆر بێزارم ئیتر منالّەکە لە بارم دەچێت، پرسییم لە چی بێزاری لە وڵامدا ووتی لە خۆم پاش ماوەیەك ووتی ئەترسم منالّم نەبێ ئیتر نازانم[٨].

٥- دوورەپەرێزی و گۆشەگیری: دوورەپەرێزی واتە دووركەوتنەوە لە خەڵك و بەشداری نەکردن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، کەسی گۆشەگیر واتە تێکەڵاو نابێ و دووردەکەوێتەوە لە تاکەکانی کۆمەڵگا، لە کاتی شەڕەکاندا زۆر جار ئافرەت دەستبەسەر دەکرێت وەکو بارمەتە دەگیرێت و دەستدرێژی بە هەموو جۆرەکانیەوە دەکرێتە سەر، ئیتر دوای ڕزگارکردنی وەکو سەرەتا ناتوانێت تێکەڵاوی تاکەکانی کۆمەڵگا بێت، وەك ئەوەی پێ شەرم بێت نزیك بە بێتەوە بە هۆی ئەو کارەساتەوە کە لە ئەنجامی شەڕ بەسەری هاتووە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردی کە تاکەکان هەڵگری داب و نەریتی باوانن ناتوانن یان بە زەحمەت ڕازی حاڵەت دەبێ دایکی یان خوشکی دەستدرێژی کرابێتە سەر یان بۆ ماوەیەك دەست بەسەر کرابێت لە لای دوژمن، ئەمانەو چەندین کێشەی تر ئافرەت تووشی دوورەپەرێزی و گۆشەگیری ناو کۆمەڵگا دەکات.

٦- بێ متمانەیی: لە ئاکامی شەڕ و ململانێی سیاسیدا ئەگەر هەر ئافرەتێك تووشی ئازاردان و لێدان ودەستدرێژی بوو بێت ، کاتێکی زۆری دەوێت ئیتر متمانە بە کەسانی تر و دەوورو بەری بکات.

لەم بارەیەوە ژنێکی تەمەن(٣٩) ساڵم دواند خەڵکی شاری حەلەب بوو، خاوەنی (٦) منالّ بوو، تا دووی ناوەندی خوێندەبوو، لێیم پرسی لە کەیەوە ئاوارەی شاری هەولێر بوون هەڵبەتە بۆم ڕوونکردەوە کە ئەوان ئاوارە نین بەو واتایە چونکە شاری هەولێر پارچەیەکی تری کوردستانە بۆ ئەوان ئەوەی مەبەستم بوو لە شوێنی خۆیان؟، لە وڵامدا ووتی (٢) ساڵە، پرسیارم کرد بۆ چی (٢) ساڵ پێشتر لە کوێ بوون؟، لە وڵامدا ووتی پێشتر لە وڵاتی

٧- نادیە موراد، موقع الکترونی فی ٢٠١٦/٨/٤ ، https://ar.wikipedia.org

٨- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر(٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

توركیا بووین لە ئۆردووگایەك دەژیایین، لەبەر دوو هۆكار هاتین بۆ شاری هەولێر، یەك بارووودۆخمان زۆر خراپ بوو لەوێ ئیتر بڕیارماندا بێین بۆ هەولێر، دووەم هۆكاریش لەدوای لە دەستدانی كوڕەكەم لە شەڕی ڕۆژئاوا كوژرا بڕیارمدا ئەوێ بەجێ بهێڵین، لە بەر ئەوەی ترسام منداڵەكانی ترم وەك براكەیان بكوژرێت، بۆ پارێزگاری ئەوان ڕامانكرد دڵنیانەبووم لە بارووودۆخی ئەوێ[٩].

**باسی دووەم: كاریگەریە ئابوریەكان**

ئەم هۆكارەش كاریگەری دەبێ لەسەر تێكچوونی باری ئابوری ئافرەت بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی كە نەخوێندەوارن یان خۆیان سەرۆكی خێزانن یان پێشتر شارەزاییان نەبووە لە شێوەی بەڕێوبردنی كار و خۆ ئامادەكردن بۆ ڕووداوە نەخوازراوەكانی وەكو شەڕ، كاریگەریەكانیش بریتین لە:-

١- كاریگەری مادی: لە بارەی ئاكامی شەڕەوە وتا چەند كاریگەری دەبێت لەسەر خێزانی ئاوارە ، ئەم پرسیارەم ئاراستەی ژنێكی تەمەن (٥٠) ساڵ كرد كە خەڵكی ڕۆژ ئاوا بوو لە گوندێك بە ناوی (دێرەزۆر)، خوێندەواری نەبوو، ووتی (٩) منداڵم هەیە و بۆ ماوەی (٥) ساڵە ئاوارەن، لە بارەی پرسیارەكەوە ووتی شەڕ تووشی و ئاوارەیی و هەژاری كردین، لەبەر ئەوەی منداڵەكانم بێكارن هەندێك ڕۆژ كاری كریكاری دەكەن، ووتی خۆم ژنی ماڵەوەم ونەخۆشم تەمەنم هەیە ناتوانم كار بكەم، ووتی ئەو كاتەی شەڕ دەستی پێكرد یەكەم جار ئیش و كار ڕاوەستا وچەندین بازاڕ و فرۆشگا تووشی زەرەرو تاڵاكردن و سوتاندن بوون، لە ماڵ و شوێنی خۆمان نەماین، و پێویستیەكانی ژیانی ڕۆژانەش زۆرن وەكو خۆراك و شیر و جل وبەرگ وداو دەرمان بۆ منداڵی كوڕ و كچەكانم، بە تایبەتی كاتێ ژنی كوڕەكەم دووگیانە پێویستی بە خۆراكی جۆراو جۆرە یان ژنی كوڕەكەی ترم خاوەن منداڵە كۆرپەلەیان هەیە پێویستیان زۆرە زەحمەتە (ژە بۆ مە)[١٠]. هەر وەكو لە وێنەی (١) ئاماژە كراوە بەم خانەوادەیە كە لە ئەنجامی شەڕدا ئاواربوون بۆ باشوری كوردستان.

٢- كاریگەری دەبێت لەسەر سەرهەڵدانی دیاردەی هەژاری : لە ئاكامی شەڕدا زۆرێك لە ئافرەتان بە هۆی ئەو بارووودۆخەوە تووشی هەژاری دەبن ، ئەم هۆكارەش بەدوای خۆیدا بە جۆرێكی تر گرفت لەگەڵ خۆیدا دێنێت وەكو، نەخوێندەواری ، دیاردەی لەشفرۆشی ، هاوسەرگیری پێشوەختە بە ناچاری، دیاردەی سواڵكردن ، پەنا بردن بۆ هەندێك كار بە ناچاری لە پێناو پەیدا كردنی نان و خۆراك..هتد دەیكەن.

لە چاوپێكەوتنێكی تردا ژنێكی تەمەن(١٦) ساڵم دواند خەڵكی شاری حەلەب بوو، خاوەن منداڵێك بوو، تا پێنجی سەرەتایی خوێندبوو، لە پرسیارێكا ووتم تۆ زۆر منداڵی چەند ساڵە ژیانی هاوسەریت پێكهێناوە؟، لە وڵامدا ووتی (٢) ساڵە ئەو كات (١٤) ساڵ بووم ، ڕاستە لە وانەیە لای ئێوە من منداڵم هێشتا بەڵام خراپی بارووودۆخی ئابوری خێزانمان ، لە ناو قسەكردن بوو دایكی هاوسەرەكەی ووتەكانی پێ بڕی ، ووتی كچ لای ئێمە زوو گەورەدەبێ و باڵای زوو بڵند دەبێ بۆیە باشترە زوو هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت و بەڕێی خۆی بڕوات، پرسیاری پیشەی هاوسەركەییم كرت؟، لە وڵامدا ووتی كریكاری، ووتم ئەی ئەگەر ڕۆژ هەیە كریكاری نەبوو چی دەكەن؟، ووتی

---

[٩]- چاوپێكەوتنی كەسی ، لە كات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.

[١٠]- چاوپێكەوتنی كەسی ، لە كات زمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.

ماڵ باوکی هاوسەرەکەم ئەوەتا لە چادرەکەی ترن ئەوان هەرچی دروست بکەن بۆمان دێنن وەك خۆراك و شیر بۆ منالەکەمان ئیتر ئاوا ژیان دەگوزەرێنین[11].

٣- کاریگەری دەبێت لەسەر دیاردەی بێکاری ودابڕانی کاتی لە کارو پیشە: دیاردەی بێکاری یەکێکە لە هۆکارەکان کە لە کاتی شەڕدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان تووشی بێکاری دەبن،چونکە ئافرەت هەیە مامۆستایە ، پزیشکە، نانەوایە،خزمەتکار....هتد، لە ئاکامی شەڕ بێ کار دەبن بۆیە کاریگەری دەبێت لەسەر زۆربوونی ڕێژەیی بێکاری.

چاوپێکەوتن لە گەڵ ژنێکی تەمەن(٣١) ساڵ پێشتر لە دێیەکی شاری حەلەب ژیاون خاوەن (٤) منالّ بوو، نەخوێندەوار بوو، لە پرسیارێکدا ووتم پێشتر چ کارێکت دەکرد؟، لە وەڵامدا ووتی من لەگەڵ ماڵی باوکی هاوسەرەکەم کاری کشتووکاڵی و ئاژەڵداریمان دەکرد لە زەویەکی بچووکی خۆمان، بەڵام بە هۆی شەڕەوە ئێستا نەك هەر من بەڵکو سەرجەم خێزانەکەمان بێکار بووین[12].

هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر دابڕانی کاتی لە کار و پیشە ، چونکە ئافرەت هەیە مامۆستایە ، پزیشکە، فەرمانبەرە....هتد، لە ئاکامی شەڕ دادەبڕێن بە بێ ویستی خۆیان. لەم بارەیەوە ژنێکی تر خەڵکی شاری ئەنبار بوو لە باکوری عێراقەوە ڕایانکردبوو ، کرێنشین بوو لە کۆمەڵگای دارەتوو، تەمەنی (٥٠) ساڵ بوو، پیشەی مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە شوێنی خۆیان پێش ئاوارەبوون، نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێنی هەبوو، خاوەن (٦) منالّ بوو یەکێك لە کچەکانی کەم ئەندام بوو، لە بارەی پیشەکەیەوە لێم پرسی ؟ ووتی باسم کرد مامۆستا بووم ئێستا مووچەکەم وەرئەگرم بەڵام دابڕاوم لە پیشەکەم لە وانەیە زۆر شت لە بیر بکەم لەبەر ئەوەی پیشەی مامۆستایی ڕۆژنە وەك ئەوە وابوو ڕاهێنان بکەم وانەم دەوتەوە، ئیتر نازانم تا کەی ئاوا دەبین[13].

٤- کاریگەری دەبێت لەسەر کارکردنی بە ناچاری: شەڕ کاریگەری هەیە لە بەناچارکردنی زۆرێك لە ئافرەتان بە تایبەتی لە کاتی ئاوارەبووندا یان لە کاتی دەست بەسەراگرتندا وەکو بارمەتە یان وەکو غەنیمەی شەڕ گیراون لەم دۆخەدا کاریان پێ دەکەن بێ ویستی خۆیان، لە ماڵان کڕین وفرۆشتنیان پێوە دەکەن یان لە شۆێنی نەشیاو بە ناچاری هەندێ کاریان پێدەسپێرن دەبێ بیکەن.

منال سەعدۆ خێرۆ کچێکی ئیزدی تەمەن (١٢) ساڵە خەڵکی گوندی حەردانە سەر بە قەزای شنگال، ددو ساڵ دەست بەسەر دەکرێت لە لایەن گروپی چکدارانی داعشەوە دەبرێتە ڕەققە لە ڕۆژ ئاوای کوردستان، لە دوای ڕزگارکردنی ئێستا لە چادرەکانی ئۆردوگای شێخانە لەگەڵ ماڵی خاڵی ژیان دەکات، یەکەم جار لەگەڵ خێزانەکەی دەگیرێت کە پێکهاتبوون لە (٦) سەر خێزان دایك و باوك دوو برا بەخۆیەوە خوشکێك، منال بەسەر هاتی خۆی لە میانەی چاوپێکەتنێکا بۆ ڕۆژنامەی (باس) دەگێڕێتەوە، ودەڵێت سەرجەم خێزانەکەمیان لە من جیا کردوە و تا ئێستا نازانم ئەوان لە کوێین، دەگێڕێتەوە دەڵێت لە کاتی دەست بەسەرکردنی کە چەند کاری قورسیان پێکردوە وەکو، خزمەتکاری و سوکایەتی و قسەی ناخۆش وبرسێتی...هتد[14].

[11]- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.

[12]- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٧) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.

[13]- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٦.

[14]- سەفەری ئەسارەت لە شنگالەوە بۆ ڕەققە، ڕۆژنامەی باس، ژمارە(٢٩٠) ،لاپەڕە(٩)، لە ٢٠١٦/٦/١٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەبارەت بە بابەتی کارکردنی ژنان بە ناچاری ، ژنێکی تەمەن(٥٢) ساڵم دواند خەڵکی قەزای شنگال بوو، خاوەن حەوت کچ و یەك کوڕ بوو، خوێندەواری هەبوو، کرێنشین بوو لە خانوویەك مانگانە بە دووسەد و پەنجا هەزار دینار لە کۆمەڵگای دارەتوو، پرسیم سەبارەت بە بژێوی ژیانیان؟، لە وەڵامدا ووتی سێ لە کچەکانم لە کارگەی دروست کردنی چپس کاردەکەن، وخۆمێش چ لە ڕێگای پەیوەندییەوە بێت یان لە ڕێگای ناسیاویەوە بێت کاری خزمەت کردنی ماڵان دەکەم ، بۆیان پاك دەکەمەوە و کاشی دەسڕمەوە ئیتر هەرچی کار بێت دەیکەم لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم لەسەر عارەبانەیەك لووقوم دەفرۆشێت ومناڵمان زۆرە وکرێ نشینین ئەگەر هەموومان کار نەکەین ناتوانین بژێوی ژیانی خۆمان دابین بکەین،پرسیم بۆ نەچوونەوتە ئۆردووگای ئاوارەکان؟، لە وەڵامدا ووتی لە ئۆردووگا هەست بە ئازادی ناکەین [١٥].

**باسی سێیەم: کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان**

١- لادانی کۆمەڵایەتی: ئەم زارەوەیە بەکار هاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕفتارێك کە لەگەڵ بەها وپێوەر وداب ونەریتی کۆمەڵایەتیدا ناگونجێت، کە کۆمەڵگا پشتی پێ دەبەستێت لە دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکاندا[١٦]. ئەم پێناسەیە لەوانەیە ڕێك بۆ ئەم باسە نەگونجێت بەڵام ئەوەی مەبەستە لە دوای بەکارهێنانی توندوتیژی ودەستدرێژی سێکسی وپەلاماردان وهێرش کردنە سەر هەندێك لە ئافرەتان لە دوای ئەو هەموو ئازار وئەشکەنجەیە لە خۆی بێزار دەبێت و ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نامێنێت ئا ئەلێرەوە هەندێك لە ئافرەتانی بەرکەوتووی شەڕ تووشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبن وەکو بەکارهێنانی مادەی کحوولی و هۆشبەرەکان...هتد.

٢- کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی: لەم سەرچاوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەشفرۆشی هەر لەکۆنەوە هەبووە وڕێکخراوبووە لە لایەن هەندێك کەسەوە، بەڵام جۆری ڕێکخستنەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بووە، هەندێکیان بە هۆی نەبوونیەوە بووە وهەندێکیان وەك بازرگانیکردن ئافرەتیان بەکارهێناوە[١٧].

پەنابردنی ئافرەت بۆ دیاردەی لەشفرۆشی لە دوای شەڕ ڕوودەدات بە هۆی ئاوارەبوون یان دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر، ئافرەت هەیە ناچار دەکرێت یان ناچارە بۆ بژێوی ژیانی نان پەیدا بکات بۆیە ئافرەت هەیە هیچ دەرەتانی نامێنێت وپەنا بۆ دیاردەی لەشفرۆشی دەبات، بیجگە لە بازرگانی کردن پێیانەوە و مامەڵکردن بە جەستەیان لە کاتی دەستبەسەر گرتندا وەك بارمەتە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

٣- کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تاك مردوو (ارملە): بە هۆی شەڕەوە زۆرێك لە ئافرەتان دەبنە قوربانی جەنگ واتە هاوسەرەکانیان لە جەنگن وبەرگری لە نیشتیمان دەکەن بەڵام بەو هۆیەوە ئافرەت هاوسەرەکەی لەدەست دەدات،وناوی بێوەژنی بۆ دیاری دەکرێت.

---

[١٥]– چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٢.

[١٦]– میشبل، دینكن، معجم علم الاجتماع ، ترجمة، احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة– بغداد، ص١٠٣، ١٩٨٠.

[١٧]– بن حتيره، صوفيه السحيرى،الجسد والمجتمع (دراسه انتروبولوجيه لبعض الاعتقادات والتصورات حول الجسد)، دار محمد علی للنشر، بيروت – لبنان،٢٠٠٨، ص١٥٤– ١٥٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە کاتی چاوپێکەتنەکاندا پرسیاری ژنێکم کرد بە مەبەست کە هاوسەری لە دەست دابێ لە کاتی شەڕدا، یەکێك لە ژنەکان لە کۆمەڵگای دارەتوو ئەویش کرێنشین بوو ئاماژەی بە ماڵێك کرد بە نەتەوە عەرەب بوون ،ووتی ئەو ماڵە ژنەکە پیاوی نەماوە خەڵکی شاری ئەنبارن – عێراق ، چووم بۆ لای لێم پرسی باسی خۆی بکات بۆ چی لێرەن؟ ، لە ڕاستیدا هەر وا سانا نەبوو هەڵبەتە پرسیارەکان بە زمانی عەرەبی لێم کرد دواتر وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی ، لە وڵامدا ووتی (٤٧) ساڵم تا دووی ناوەندییم خوێندووە ، ئێستا خاوەن (٦) منالم بەلاّم یەکێك لە کچەکانم قوتابی بوو لە زانکۆ لە دوای ئاوارەیەوە گواسترایەوەی زانکۆی شاری کەرکوك ڕۆژێك لە شەقام ئۆتۆمبێلێك لێدەدات وگیانی لە دەستدا لەو ڕۆژەوە ژیان بۆ من زۆر سەختە بەلاّم هەر سوپاسی خودا دەکەم لەبەر ئەوەی ئەڵێم با منالەکانی تر هەست بە بێزاری نەکەن، هاوسەرەکەشم مامۆستا بوو لە لایەن گروپی چەکدارانی داعشەوە ڕفێنرا تا ئێستا نازانم ماوە یان مردووە، پرسیارم کرد سەبارەت بە بژێوی ژیانیان ووتی براکەم و خزمەکان و خێرخواز یارمەتیمان دەدن[١٨].

٤- کاریگەری دەبێت لەسەرجیابوونەوە (تەلاق):کاتێك ئافرەت دەست بەسەر دەکرێت یان دەڕەفێندرێت لە کاتی شەڕدا، وماوەی مانەوەی لە لای دوژمنان یاخود دەست بەسەرکردنی وەکو بارمەتە، دوای ئازاد کردنیان یان رزگارکردنیان ئەم ئافرەتان تووشی کێشەیەکی تری کۆمەڵایەتی دەبنەوە ئەویش جیابوونەوەیە، بەهۆی ئەوەی پرسیاری جۆراو جۆر دروست دەبێت لە لای هاوسەر و خانەوادەکەیان وەکو چیان لێت کرد کێ هاتە لات چەند کەس پەلاماری دای؟، بێ متمانەیی و دڵەڕواکێ ودڵپیسی دروست دەبێ لە نێوان هاوسەرانی بەرکەوتوو لە کۆتاییدا بە جیابوونەوە کۆتایدێت، ئەم کاریگەریەش بە پێ ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان کاریگەریەکان دەگۆڕێت.

٥- کاریگەری دەبێت لەسەر بەناچارکردن بۆ گرێدانی پرۆسەی هاوسەرگیری: وەك نەبوونی شوێن، بێ کەسی ، بێ ئومێدی و بێزاری بوون لە ژیان، باری ئابوری، هۆکارن بۆ ئەوەی ئافرەت پەنا ببات بۆ گرێدانی پرۆسەی هاوسەرگیری فرەیی یان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بە ناچاری بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو ژیان و بارودۆخەی تیایدا دەژێت.

لەم بارەیەوە دوو ئافرەتم پێکەوە دواند کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون یەکمیان تەمەنی (١٦) ساڵ بوو، ئەوەی تر تەمەن(١٥) ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانی هاوسەرەکەیان دەژیان واتە خزم بوون بۆیە هەردوکیانم پێکەوە دواند، هەردوکیان لە خوێندنی سەرەتایی دابڕابوون، پرسیارم کرد ووتم بۆ وا زوو پرۆسەی هاوسەرگیریتان ئەنجامداوە؟، وتیان کاتێك ئاوارە بووین تەمەنمان (١١ بۆ ١٢ ) ساڵ بوو، ئێستاش بۆ ماوەی ساڵ نیوێکە هاوسەرگیریمان کردوو یەکیان ووتی من دوو ساڵ دەبێ، ئەوەی تر ووتی من ساڵ ونیوێکە، لە پرسیاردا ووتم کێشە نیە تەنها پێم بڵێین بۆ وا زوو پرۆسەی هاوسەرگیریتان کردووە؟، ئەو ژنەی تەمەنی (١٦) بوو زیاتر وەڵامی دەدایەوە ووتی خزمی خۆمانن خەڵکی یەك شوێنین ، ئەوەی تریش کچە پوری خۆیانە بە زاری ئەو دەیوت (کەنیشکی خالە)ی خۆیان بوو، وتیان ئێمە دابڕاین لە خوێندن و ژیانمان باش نەبوو، ئەگەر هاوسەری

[١٨]– چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خۆمان هەبێ باشترە وبارووودۆخیشمان باشتر دەبێ، پرسیاری ئەوەم لێ كردن پێكەوە منالّتان هەیە؟، ئەوی تەمەنی (١٥) سالّ بوو ووتی من نیمە ، ئەوەی تریش ووتی لە بارم چووە ( بە زاری ئەو ووتی بوو چوو)هاتە خوارێ، ووتم هاوسەركانتان چ كار دەكەن؟، ووتی لە ترافك لایت كاردەكەن گولّ و یاری منالآن دەفرۆشن، لە كاتی پرسیار كردن یەكێك لە هاوسەركانیان هاتە ژوورەوە سەلامی كردوو، ووتی ئێوە كێن بۆ چی هاتوون؟، لە پاش ولآمدانەوە، بینیم هاوسەرەكەش زۆر منالە ئەویش هەر (١٦) سالّ بوو، لە پرسیاردا پرسیم هاوسەرەكەت وەك خۆت منالە؟، لە ولآمدا ووتی لای ئێمە كەنیشك و كوڕ زوو هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، پرسیم بۆچی لەم بارووودۆخە؟، لە ولآمدا ووتی زارۆكا خۆ زوو دبینیت و ودەبێت بە پیاو و باشترە گەورەكان وا دەبێژن[١٩].

٦- كاریگەری دەبێت لەسەر هەلّوەشانەوەی خێزان: زانای بەناوبانگ ڕۆبەرت مێرتۆن پێی وایە چەمكی هەلّوەشانەوەی خێزان بریتیە لە بوونی ناڕێكییەك یان كەمووكوڕی لە پرۆسەی پەیوەندی ، هەروەها ئاماژە بەوە دەكات كە دیاردەی هەلّوەشانەوەی خێزانی خۆی لە خۆیدا ڕوونادات ئەگەر چەند سەرچاوەیەك نەبن بۆ تێكچوونی ئەو پەیوەندیە، سەرچاوەكانیش بە ڕای مێرتۆن بریتین لە سەرچاوەی ململانێی بەرژەوەندی و ململانێ بەها و پێگە، ئەم سەرچاوەنەش پابەندن بە ڕۆلّی تاكەكان، و هەندێ سەرچاوەی تریش وەك بوونی كەمووكوڕی لە پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەلآیەتی و لاوازی لە پەیوەندییە كۆمەلآیەتیەكان كە هۆكاری سەرەكیین بۆ تێكچوونی شیرازەی خێزان[٢٠].

زۆرێك لە خێزانەكان لە كاتی شەڕ و ئاوارەیی و كۆچكردندا هەلّدەوەشێتەوە، واتە پێكەوە نابن لە یەك خانووی نیشتەجێ، هۆكارەكەشی وەكو لەدەست دانی دایك یان باوك یان كور یان كچ یان زۆربەیان پێكەوە، یان بەند كردن وەكو دیلی شەڕ، یان بەرتەوازەیی بۆ ماوەیەك بە هۆی شەڕەوە...هتد، هۆكارن بۆ تێكچوونی شیرازەی خێزان، نمونەش بۆ ئەم دیاردەیە ژنێك بە ناوی نسرین لەوانەیە ئەم ناوە خوازراو بێ بۆ ئەو خەلّكی شنگال بووە پێشتر هاوسەرگیری كردبوو لەگەلّ كوڕە خالّی خۆی وزۆر یەكتریان خۆش دەویست، بۆ ماوەیەك دەكەوێتە ژێر دەستی گروپەكانی داعش لە كاتی شەڕدا، وچیرۆكی خۆی بە گریانەوە دەگێڕێتەوە بۆ ستاف گۆڤاری تروسكە، ودەلّێت چەندین جار دەست درێژی سێكسی كراوەتە سەری، ودەگێڕێتەوە كە گوایە ئافرەتانی ئێزدی بە سێ جگەرە و پەنجا دۆلار وشتی تر دەفرۆشرانە ولآتانی دەوربەر، و لە میانەی ووتەكانی ئەو دەلّێت ئێستاش نازانم هاوسەرەكەم لە كوێیە بە تەواوی پەرتەوازە بووین بەلآم هەر چاوەڕێیی دەكەم[٢١].

لەم بارەیەوە ژنێكی تەمەن (٦١) سالّم دواند خەلّكی بێجی بوو لە باكوری عێراقەوە ڕایانكردبوو بۆ ماوەی دوو سالە لە هەولێرن، كرێنشینە لە كۆمەلّگای دارەتوو، نەخوێندەواربوو، خاوەنی (١٠) منالّ بوو ووتی ئێستا

---

١٩- چاوپێكەوتنی دوو كەسی لە كات زمێر (٧:٣٠ تا ٨) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.

٢٠- علياء شكري وأخرون، دراسة المشكلات الاجتماعية، بأشراف الدكتور محمد الجوهري، دار المعرفة الجامعية،أسكندرية ،١٩٩٣، ص٥٨-٥٩.

٢١- سێ ڕۆژ لە گەلّ ژنانی ئێزدی، هانا فرهاد، گۆڤاری تروسكە ، گۆڤارێكی ڕۆشنبیری تایبەت بە ئافرەتانە، ژمارە (١٤٥)،٢٠١٥، لاپەڕە ١١-١٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چواریان لەگەڵمن ئەوانی تر هاوسەرگیریان کردووە، هەر یەکەوە لە شوێنێکن ، هەوەها ووتی هاوسەرەکەم بۆ ماوەی (٨) مانگ دەبێت کۆچیدوایی کردووە زۆر نەخۆش بوو چی بکەین ژیان ئاوایە[٢٢].

٧- کاریگەری دەبێت لەسەر زۆر بوونی دیاردەی سوالکردن(التسول): زۆرێك لە خێزانەکان یان تاکەکان بە هۆی شەڕەوە کاتێك ئاوارەی وڵاتان دەبن یان لەبەر بێ کاری ونەداری کە لە بنەڕەتدا بە هۆی شەڕەوە بەرۆکی زۆرێك لە خێزانەکانی گرتووە، زۆرێك لە ئافرەتان وەك باس کرا لە هەندێك خاڵی سەرەوە بێوەژن دەبن یان خێزاندارن ومناڵی ساوایان هەیە واتە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ڕادەی کارکردن، وپێداویستی خۆراك و مناڵیش زۆرە بۆیە کاریگەری دبێت لەسەر پەنا بردن بۆ سوالکردن.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنێکی تەمەن(٢٤) ساڵ خاوەن (٣) مناڵ بوو خوێندەواری نەبوو، پرسیارم کرد چۆنە بارودۆخیان چۆن بژێوی ژیان پەیدت دەکەن؟، لە وڵامدا وتی بۆ ماوەی (٤تا ٥) ساڵ دەبێ لە شاری هەولێرین بەڕاستی ئەگەر ئەم خەڵکە باشە نەبوونایە ئێمە نەمان دەتوانی لێرە بین، خۆراکمان بۆ دێنن بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزان و بۆنەکاندا هەموو شتێکمان بۆ دێنن تەنانەت جل و بەرگ و گۆشت و پارە و برنج زۆری لە بیرم نیە هەموو شتێك ڕۆژانی تریش هاوسەرەکەم لەگەڵ دوو مناڵەکەم لەسەر جادە یاری مناڵان دەفرۆشن [٢٣] بارودۆخیان لە ژێر چادر زۆر خراپ بوو لە هەموو ڕوویەکەوە و لە وێنەی پاشکۆ ژمارە ( ١و ٢) بە ڕوونی دیارە چۆن شوێنێکیان دروسن کردووە بۆ گەرماوە و شوێنی نوستن .

٨- کاریگەری دەبێت لەسەر دیاردەی خۆکوشتن (الانتحار): دیاردەی خۆکوشتن لە دەرئەنجامی ئەو پەڕی بێزاری ونائومێدی وێڵبوونی مرۆڤە بۆ بێ واتایی ژیان ڕوودەدات، وکاتێك هەڵوێستێکی نوێ دووچاری ئافرەت دەبێتەوە، لەگەڵ هۆیەکانی دیکە هەڵدەئاوسێن وناخە پڕبووەکە دەتەقێتەوە لەسەر شێوازی خۆکوشتن[٢٤]. لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئافرەت کاتێك پەنا بۆ خۆکوشتن دەدات لەو پەڕی بێزاریدا دەبێت، و لە دەرئەنجامی شەڕ کاتێك ئافرەتێك یان کچێك تووشی دەستدرێژی سێکسی دەبێت یان پەلاماردان یان جۆرەکانی تری توندوتیژی ، هەندێك لە ئافرەتان وکچان لە ڕووی دەروونیەوە ناتوانن خۆیان بگرن لە ئاست ئەو غەدرە بۆیە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبن یان هەوڵی بۆ ئەدەن، و بێجگە لەوەی ئەترسن لە لۆمەکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە دوای ئەو ڕووداوەوە وهەزار پرسیاریان بۆ دروست دەبێ چۆن دەڕوانن ئێمە؟ دەبێ بە سووکی تەماشامان نەکەن ئەمەو چەندین پرسیاری تر؟.

٢٢- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٣.

٢٣- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.

٢٤- فاروق، کەمال،لە پەراوێزی کەسێتیدا خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی ڕەفتار، چاپی یەکەم، خانەی موکریان بۆ چاپ و بلاوکرنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٢-١٤٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**باسی چوارەم: کاریگەریە تەندروستیەکان**

١- تووشبوون بە نەخۆشی درێژ خایەن: لە کاتی شەڕ یان ئاوارە بوون بە هۆی شەڕەوە زۆرێك لە ئافرەتان تووشی نەخۆشی درێژ خایەن دەبن ، وەك تووشبوون بەکەم خۆێنی، ئایدز، نەخۆشی پێست، لە ئەنجامی مانەوە ودەستبەسەراگرتن ونەبوونی ئاو کەرەسەکانی خۆشۆرین و نەبوونی خۆراکی پێویست لە ئەنجامی نەگەیشتنی خۆراك بەو شوێنانە لە بەر نبوونی بازار. لە چاوپێکەتنێکی تردا ژنێکی تەمەن (٤٠) ساڵم دوواند ژنی ماڵەوە بوو ، خوێندەواری نەبوو، ووتی ئێمە (٨) سەر خێزانین بە ماڵی کوڕەکەمەوە، لە شاری حەلەبەوە هاتووین ، هەڵبەتە بە زاری کرمانجی قسەیان دەکرد وەرمگێڕاوەتە سەر زاری سۆرانی، دواتر پرسیارم کرد سەبارەت بە بارووداۆخیان لە ڕووی تەندروستیەوە ووتی خۆم نەخۆشی درێژخایەنم هەیە تووشی شەکرە و فشاری خوێن بوومە بۆ ماوەی دوو ساڵە، هەروەها ووتی پیاوەکەشم تووشی نەخۆشی لەبیر چونەوە بووە دەبێ زۆر ئاگامان لێیی بێ چونکە بڕوات دەترسین نەگەڕێتەوە، ئەم خێزانە نیشتەجێ بالأخانەیەك بوون کە هێشتا تەواو نەکرابوو، بۆ خۆیان بە لایلۆن ودار بەش بەش دروستیان کردوە بۆ ئەوەی شێوەی ماڵی هەبێ لە وێنەی ژمارە (٣و٥) بەروونی دیارە بارودۆخیان چونە، پرسیم بۆچی ناچن بۆ ئۆردووگا کە تەرخان کراوە بۆ ئاوارەکان ، ووتی ئەگەر خاوەن ئەم خانووە دەرمان نەکات ناڕۆین لەبەر ئەوەی منالەکانم نزیکن لە ترافك لایتەکان بۆ خۆیان کار ئەکەن ڕۆژانە باشە لەگەڵ خێرخوازەکان خێرمان پێ دەکەن ئیتر ئێمەش چیمان دەوێ لەوە زیاتر تا ئاوهابین هیچ کەمووکورشیمان نیە لە خوا بە زیاد بێ[٢٥].

٢- کەم ئەندامی: لە ئاکامی شەڕ زۆرێك لە ئافرەتان کەم ئەندام دەبن، بەشێك لە بەشەکانی جەستەیان لەدەست دەدەن وەکو نەبوونی لاق یان قوولّ یان لە دەستدانی چاوێك یان گورچیلە یان سوتانی جەستە، لە ئەنجامی بەرکەوتنیان لە شەڕ یان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە وەك لێدان و ئازاردانی جەستەیی.

لە چاوپێکەتنێکی تردا ژنێکی تەمەن(٥٠) ساڵم دواند، خاوەن (٦) منالّ بوو، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون (حەلەب)، خوێندەواری نەبوو، نەیدەتوانی باش بڕوات، لێم پرسی لە چیەوە وات لێهاتووە؟، ووتی خۆم پێشتر نەخۆش بووم پشت ئێشانم هەبوو (٣) بڕبڕی پشتم ئازاری هەبوو، بەلاّم بە هۆی ئەم شەڕوە و ئاوارەیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارووداۆخمان خراپتر بوو لە ڕووی مادیەوە و چارەسەر نەکرام ئیتر وەکو پێویست ناتوانم بڕۆم[٢٦].

٣- سووتان: یەکێکی تر لە کاریگەریەکان سووتانی ئافرەتە چ لە کاتی بەرکەوتن بێت لە شەڕ یان سزادانیان لە کاتی گرتنیان وەکو بارمەتە و شێواندنی جەستەییان بۆیە زۆرێك لە ئافرەتان جەستەیان دەسووتێت بەو هۆیەوە دواتر کاریگەری دەبێ لەسەر کەسایەتی و تەندروستی بۆ داهاتوو.

٤- ژنی دووگیان(حامله): ئافرەت هەیە دووگیانە لە کاتی شەڕدا، ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر دایك و کۆرپەلەکە چ بە هۆی ئەوەی نان وئاو وخواردنی لێدەبڕێت خۆی تووشی ئازارو کێشەی جۆراو جۆر دەبێت چ لە ڕووی جەستەییەوە و دەروونیەوە بێت،هەروەها کۆرپەلەکەش تووشی بەدخۆراکی دەبێت.

٢٥- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٦:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.

٢- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

له یەکەم چاوپێکەتندا ژنێکی تەمەن (٢٠) ساڵم دواند خاوەنی دوو منالّ بوو تا چواری سەرەتایی خوێندبوو ، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو لە حەلەب، ووتی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێ ئاوارەیین لە خانویەکی تەواو نەکراو واتە (هەیکل) بوو دەژیان ووتی خاوەن ئەم باڵەخانەیە بەزەیی پێمان هاتەوە لێرە بە لایلۆن ڕێکمانخستووە وەکو ژوور گەرماو و ئاودەست بۆ ئەوەی لە شێوەی ماڵ بچێت دروستمان کردووە و لە وێنەی ژمارە (٦) بە روونی دیارە ، ئەم ژنە دوو گیان بوو بۆ جاری سێیەم، ووتی ئەو کاتەی ڕامان کرد لە حەلەب دووگیان بووم بە منالّی دووەمم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گیرمان خواردبوو لە ناو قوتابخانەیەك ، منیش وتم بۆ قوتابخانە؟، ووتی لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە لەبەر منالّ کەمتر بۆردوومان دەکرا لە لایەن حکومەتەوە ، لە میانەی قسەکانی باسی لەوە کرد کە چەند ڕۆژ تەنها نان و هەندێك کێکی ووشکیان دەخوارد لەبەر ئەوەی نە تەباخ هەبووە ونە کەرەسەی چێشتلێنان لەو شوێنە، باسی لەوە کرد کە چۆن ڕزگاریان بووە تا گیشتوونەتە ئێرە، وتی بە چاوی خۆت ئێستاش بارووەدۆخم دەبینی دووبارە دووگیانم لەم خانوە گوزرە دەکەین، منیش پرسیم ووتم باشە بۆ بەرگیری ناکەن بۆ ئەوەی تا دەگەڕێنەوە با منالّتان نەبێ لەبەر بارووەدۆخ شوێن و جێگاتان ؟، لە ولامدا ووتی تازە خودای گەورە پێمی داوە ئینشالّە لەگەڵ لە دایك بوونی ئەم منالّە بارووەدۆخیشمان باش دەبێ [٢٧]. ئافرەت لە کاتی شەڕدا زۆر جار بە بارمەتە دەگیرێت لەوانەی منداڵەکەی لەباربەبرێت بە هۆی ئازاردان وپەلاماردانەوە یان لەکاتی دەستدەرێژی سێکسی دووگیان دەبێ لەم حاڵەتەدا ئافرەت نەك هەر دەبێتە قوربانی شەڕ بەڵکو بە بێ ویستی خۆی وبەبێ ئەوەی ئەو کەسەی خۆی هەڵیبەژاردەبێت لێی دووگیان دەبێت، ئەم کارەساتەش زۆر لە کارەساتەکانی تر گەورەترە کە ئافرەت دەبێت بە قوربانی ململانێی سیاسی.

٥- ئازاری خوێن بەربوونی سوڕی مانگانە: وەك باوە ئافرەت هەموو سەرە مانگانێك تووشی سوڕی خوێن بەربوون دەبێت کە پێدەوترێت (العادە)، لە کاتی بوونی شەڕدا وبەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئافرەتێك بووە قوربانی گرتن وەکو بارمەتە یان ڕەفێنرا وەك ئەوەی بینیمان لە ڕابردوودا کە چی بەسەر ئافرەتانی شالاّوی نەگریسی ئەنفال و خوشکانی ئێزیدیدا هات، یان ئافرەتانی تر وەکو خۆشکانمان لە پارچەکانی ڕۆژئاوا یان ئافرەتانی شاری موسڵ کە ئاوارە بوون بەشێوەیەکی گشتی باس لە ئافرەتان دەکرێت، ئەمە هەر وا سانا نیە ئەگەر لێی بڕوانین ، چونکە ئافرەت پێویستی بە چیە وچۆن بارووەدۆخی تەندروستی تێك دەچێت لەو حاڵەدتەدا، نەخاسمە ئەگەر هاتوو دەستدرێژیشی بکرێتە سەر ئیتر بیجگە لەڕووی تەندروستیەوە لەڕووی دەروونیشەوە ئافرەت بارووەدۆخی تێك دەچێت.

لەم بارەیەوە ئافرەتێکم دواند تەمەنی(٣٠) ساڵ بوو چونکە هەموو کەس ئامادە نەبوو ولاّمی ئەو پرسیارەم بداتەوە، ئەم ئافرەتە نەخوێندەوار بوو و (٨) منالّی هەبوو ودوو گیان بوو، ووتم لە کاتی شەردا خۆت یان ژنی تر بارووەدۆخیان چۆن بوو چیان بە کار ئەهێنا لە کاتی مانگانەدا ؟، ووتی بە چاوی خۆم بینیم ژنێك دووگیان بوو لە هەمانکاتدا سوڕی مانگانە ئەبینی هەمووومان لە ترسی تەیارە و فرۆکە لە شوێنێك خۆمان حەشاردابوو ، چیمان کرد جلی زیادەم لابوو بۆم دەڕاندوو کردم بە پەڕۆ ووتم هەڵی بگرە وەکو چارەسەرێك ئیتر ئەوها، ووتم ئەی خۆشۆرینتان چۆن بوو؟، ووتی خۆشۆرینی چی لە خودا دەپاڕاینەوە تەنها ڕزگارمان بێت، ووتی ئێستاش کێشەمان زۆر وەك نەبوونی پێداویستی لە کاتی سووڕی مانگانە، ووتی خێرت دەگات ئەگەر بە ڕێکخراوەکانی

[٢٧]- چاوپێکەوتنی کەسی ، لە کات زمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ژنان بڵێت یارمەتیمان بدات لە دوو ڕووەوە یەك دابینكردنی دایبی بۆ منداڵەكانمان و بۆ خۆشمان لە كاتی مانگانەدا، ووتم من لەوێ كارناكەم، بڕویان نەدەكرد دەیان ووت خۆتمان لێ مەكە بە بێگانە ئێمە ئەوانەی ڕێكخراو و كەسانی وەك تۆ باش دەناسین بەم جۆرە كۆتایی بە ووتەكانی خۆی هێنا(٢٨) وماڵێكیان بۆ خۆیان دروست كردبوو لە شوێنی بەنزینخانە وخاوەنەكەی كەرەڤانەی خۆی پێدابوون هەر وەك لە وێنەی ژمارە(٤) بە ڕوونی دیارە.

٦- خنكان : لە كاتی شەڕكاندا زۆرێك لە هاولاَتیان بە شێوەیەكی گشتی تووشی هەلاَتن ئاوارەبووون دەبنەوە چ لە ڕێگای ووشكانی بێت وهەندێك جار ناچاردەبن ڕێگای ئاو بگرنە بەر، ئەمەش بە هۆی مانەوە یان ڕاكردن لەو ڕاستیە تاڵە كە بە سەریاندا دێت، ئافرەت و منداڵیش بە تایبەتی لە ڕووی جەستەیەوە وەكو ڕەگەزی نێر نین لەو جۆرە بارە نائاسایانەدا بۆیە لەو حاڵەتانەدا تووشی خنكان دەبن. وەك چۆن بینیمان كە لەسەر جەم كەناڵەكانی ڕاگەیاندننەوە ئاماژەی پێكرا كەوا خێزانێك كە پێك هاتبوو لە دوو منداڵ و دایك وباوكێك، كە سەرجەمیان بە هۆی هەلاَتن و ئاواریی شەڕەوە كە خەڵكی شاری كۆبانی بوون لە ڕۆژئاوای كوردستان، ئاوارەی ولاَتی توركیا(باكوری كوردستان) بوون، بە هۆی ناهەمواری ژیانیان و ئاوارەبوون ڕێگای ئاوییان گرتە بەر بۆ ئەوەی ژیانێكی باشتر فەراهەم بكەن بۆ خۆیان بەلاَم بەو هۆیەوە سێ لە ئەندامانی ئەو خێزانە خنكان لە دەریایی ئیجە یۆنان، كە دووانیان منداڵ بوون بە ناوەكانی (الان و غالب عبالله شنۆ الكردی) وئەوەیتریش دایكیان بوو بە ناوی(ریحانە)، تەنها باوكەكە دەرباز بوو لەو ئاوە ، ئەمەش كاریگەری شەڕ بوو لەسەر یەك خێزان بە نموونە ، بەلاَم لەوەش زیاتر ڕوویداوە و بوونە قوربانی شەڕ(٢٩).

٧- كاریگەری دەبێت لەسەر زۆر بوونی ڕێژەی مردن: بە هۆی شەڕەو لە ئەنجامی تەقەكردن و تۆپ هاوێژتن و بۆردۆمانی كردن بە فرۆكە بۆ ئەو شوێنانەی كە شەڕی لێدەبێت، زۆریك لە ئافرەتان و كچان دەمرن و گیانیان لە دەست دەدەن، و هەندێكیان خێزاندارن یان دووگیانن.

**باسی پێنجەم: كاریگەری ڕۆشنبیریەكان**

١- كاریگەری دەبێت لەسەر دواكەوتنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندن: زۆرێك لە كچان و ئافرەتان بە هۆی شەڕ و ئاوارەییەوە تووشی دابڕان دەبن لە پڕۆسەی خوێندن یان هەر ناخوێنن لەبەر ئەوی باروودۆخی سیاسی و شەڕ تاكەكان ناچار دەكات وەك خاپوركردنی قوتابخانەكان و تێكچوونی ڕەوشی خوێندن بە هەموو جۆرەكانیەوە وەك نەبوونی مامۆستا نەبوونی پەرتووك و كەرەسەكانی خوێندن یان لە ئەنجامی شەڕ زۆرێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا تووشی ئاوارەیی دەبن ومناڵەكانیان لەبەر هەژاری و نەداری و غەریبی نانێرنە پرۆسەی خوێندن، یان ئافرەتان دادەبڕێن لە پرۆسەی خوێندنی خێرا یان لە خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، و لە خشتەی ژمارە (٢) ئاستی خوێندەواری یەكەكە ڕووندەكاتەوە.

---

٢٨- چاوپێكەوتنی كەسی ، لە كات زمێر (٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.

٢٩- الگفل السوری الغریق یدفن الیوم فی مدینه كوبانی ٢٠١٥/٩موقع الكترونی فی ٢٠١٦/٨/٥، http://aranews.org


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم بارەیەوە كچێكی تەمەن(١٢)ساڵم دواند لەگەڵ دایكی بوو، ووتم تا چەندت خوێندوە ووتی تا (١) سەرەتایی ووتم بۆ نەچویتەوە؟، دایكی وەڵامی دایەوە وتی لە كوێی بخوێنێ ئێستا (٤ بۆ ٥) ساڵ دەبێ ئێمە ئاوارەین لەم چادر بۆ ئەو چادر دەڕۆین چۆن بخوێنێ، ووتم بۆ ناچن بۆ ئۆردووگای ئاوارە لەوێ هەر نا قوتابخانە هەیە بۆ مناڵەكانتان، ووتی ئێرە باشترە بۆ ئێمە باوكیان كار ئەكات وهاوسێكان خێرمان پێ دەكەن زۆر باشین، كچەكەش پیاوێكی باش هەبێ هاوسەرگیری دەكات ، ووتم ئاخر زۆر مناڵە؟، ووتی ئێستا نا تا دەبێ بە (١٤) ساڵ گەورە دەبێ، ووتم (١٤) بچووك نیە بۆ هاوسەرگیری؟، ووتی نا باشترە بۆ خۆی زووتر مناڵی خۆی دەبینێ [٣٠].

٢- كاریگەری دەبێت لەسەر دواكەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری و وەرزشی: لە دەرئەنجامی شەڕ هەرچی خول و مەشقی ڕاهێنان..هتد پێشتر كاری بۆ كارابێت لەسەر هۆشیاركردنەوەی ئافرەتان و كچان ، هەمووی دوادەكەوێت یان هەر نامێنێت، وەكو خولی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی و بەشداری كلتووری بە ئافرەتان...هتد.

سەبارەت بەم تەوەرە ژنێكی تەمەن (٢٢) ساڵم دواند كە خەڵكی ڕۆژئاوای كوردستان بوو لە شاری عەفرین، تا پێنجی سەرەتایی خوێندەبوو، و چوار مناڵی هەبوو، ووتی بۆ ماوەی چوار ساڵە لە شاری هەولێرن، بە مەبەست پرسیارم كرد سەبارەت بە بەشداریكردنی لە خول و چالاكیەكان؟، لە وەڵامدا ووتی نەخێر، ووتی لەبەر ئەوەی سەرقاڵی مناڵ بەخێوكردن بووم زۆر بە مناڵی هاوسەرگیریم كرد بۆیە نەم توانی بەشداری یان خۆم فێری هیچ كارێك بكەم، لە پرسیاردا وتم بۆ چەند ساڵە ژیانی هاوسەرییت پێكهێناوە؟، لە وەڵامدا ووتی تەمەنم (١٣) ساڵ بوو[٣١].

**خشتەی ژمارە(١) تەمەنی یەكەكان ڕوون دەكاتەوە**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ١٢_____ ٢١ | ٦ | ٪٣٠ |
| ٢٢_____٣١ | ٥ | ٪٢٥ |
| ٣٢_____٤١ | ٢ | ٪١٠ |
| ٤٢_____ ٥١ | ٤ | ٪٢٠ |
| ٥٢_____٦١ | ٣ | ٪١٥ |
| **كۆی گشتی** | ٢٠ | ٪١٠٠ |
| **ناوەندی ژمێرە (٣٣) و بە لادانی پێوەر (٦.٩)** | | |

لە خشتەی ژمارە(١) ئاستی تەمەنی یەكەی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو، بەرزترین ڕێژە بریتیە لە (٪٣٠) كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (١٢-٢١)، لە دوای ئەو ڕێژەی (٪٢٥) دێت كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان(٢٢-٣١)، وڕێژەی

[٣٠]– چاوپێكەوتنی كەسی ، لە كات زمێر(٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.

[٣١]– چاوپێكەوتنی كەسی ، لە كات زمێر(٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٢٠٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان(٤٢-٥١)، وڕێژەی (١٥٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان(٥٢-٦٢)، وڕێژەی کۆتایی (١٠٪) تەمەنی دوو یەکە لە نێوان(٣٢-٤١) ڕووندەکاتەوە.

لەم خشتەی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا لە کاتی شەڕدا جیاوازی بۆ تەمەن نیە واتە لە هەموو ئاستەکانی تەمەندا نموونەمان هەیە هەر لە منالْ و مێرد منداڵ و گەنج و تا دەگاتە پیر.

**بەشی سێیەم: چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە بەکار هاتووە.

**دووەم: بوارەکانی توێژینەوەکە:**

١- بواری مرۆیی: ڕەگەزی مێ، ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی شەڕ ئاوارەی پارێزگای هەولێر بوون، وەکو ئافرەتانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئافرەتانی ئێزدی لە سنجار وئافرەتانی بە ڕگەز عەرەب لە شاری موسل و ئەنبارەوە هاتوون، و ئێستا لە ژێر چادر و هەندێك لە باڵەخانە تەواو نەبووەکانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری نیشتەجێن.

٢- بواری شوێنی: ناوەندی شاری هەولێر دەگرێتەوە نموونەش لە گەرەکەکانی (ڕاستی نوێ ، ڕاستی کۆن، دارەتوو ) وەرگیراوە.

٣- بواری کاتی: لا یەنی مەیدانی لە ٥/١٠ تا ٦/١٠ ٢٠١٦.

**دووەم: دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نموونەکە**

**١- کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

بریتیە لە ڕەگەزی مێ ، ئەو ئافرەتانەی لە دەرئەنجامی شەڕ ئاوارەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بوون.

**٢- دیاریکردنی نموونە و قەبارەی توێژینەوەکە :**

أ- نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە(القصدیە) لەبەر ئەوەی توێژەر مەبەستی هەڵبژاردنی یەکەیەکی دیاریکراوە کە زانیاری کۆدەکاتەوە لەسەریان وبڕوای وایە کە ئەم یەکەیە نوێنەرایەتی توێژینەوەکەی دەکات زیاتر لە نموونەکانی تر[٣٢].

ب- قەبارەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٢٠) یەکە لە ڕەگەزی مێ بریتی بوون لە کچان و ژنانی ئاوارە لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، قەبارەکەی بە دوو شێوە وەرگیراوە بە مەبەست، یەکەم (١٦) لەو یەکانە واتە ژنان وکچان لە ناو شاری هەولێر وەرگیران ، دووەم (٤) لەو یەکانە لە شارەدێی دارەتوو وەرگیراون.

**سێیەم: ئامارازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :**

بریتی بوو لە چاوپێکەوتنی کەسی، چاوپێکەوتنی دوو کەسی، تێبینیکردن، تێبینیکردن بە بەشداری، وێنەگرتن، زانیاری فەرمی.

**چوارەم: ئامرازە ئامارییە بە کارهاتووەکانی توێژینەوەکە:**

ناوەندی ژمێرە، لادانی پێوەر.

---

[٣٢]- موفق الحمدانی وأخرون ، أشراف سعید التل، مناهج البحپ العلمی، الکتاب الأول أساسیات البحپ العلمی، گ١،مؤسسە الوراق للنشر والتوزیع، عمان- الأردن، ٢٠٠٦،ص٢٠٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**خشتەی ژمارە(٢) ئاستی خوێندەواری یەکەکە ڕووندەکاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| خوێندەوار | ١١ | ٪٥٥ |
| نەخوێندەوار | ٩ | ٪٤٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢) ئاستی خوێندەواری یەکەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، وەك لە خشەکەدا دیارە بەرزترین ئاست بە ڕێژەی (٥٥٪) ڕوونیدەکاتەوە کە یەکەی توێژینەوەکە خوێندەوارن، وبە ڕێژەی (٤٥٪) ڕوونیدەکاتەوە کە یەکەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن.

لە ئەنجامدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە وا بەرزترین ڕێژە دەریدەخات کەوا ئاستی خوێندن لە یەکەکاندا خوێندەوارن ، ونزمترین ڕێژە نەخوێندەوارن، ئەم ئەنجامە خوی لە خویدا ئەنجامێکی باشە کە لەو ژمارە زۆرە ئاوارەیە (٢٠) یەکە وەرگری ڕێژەی بەرزی ئاستی خوێندن بەو جۆرە بێت، بەڵام لە میانەی چاوپێکەوتەنەکەدا بۆمان ڕوون بووەوە کەوا بەرزترین ئاستی خوێندن تا سێی ناوەندیە وسەرجەم یەکەکان دابڕاون لە پرۆسەی خوێندن لە قۆناغە جیا جیاکان.

**بەشی چوارەم : دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

لە کۆتایی توێژینەوە و لە ئەنجامدانی چاوپێکەتنەکاندا لە گەڵ نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشت، کە گرنکترینیان بە چەند خاڵێك دەخرێتە ڕوو بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەری شەڕ لەسەر ئافرەت، ئەنجامەکانیش بریتین لە:_

١- زۆربەی یەکەی توێژینەوەکە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون.
٢- زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە ژن و کچیماڵەوە بوون.
٣- زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە دابڕابوون لە پرۆسەی خوێندن و خاوەن مناڵ بوون.
٤- زۆربەیان هاوسەرگیری پێشوەختەیان ئەنجامدابوو، هۆکارەکەشیان گەڕاندەوە بۆ خراپی ڕەوشی ئابوری خێزانەکانیان.
٥- زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە تووشی ترس و دەڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی بوون لە دەوروبەری خۆیان، ئەمە لە ئەنجامی تێبینکردن و چاوپێکەوتن ڕوونبووەوە.
٦- زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە ڕەوشی ئابوریان زۆر خراپ بوو، ولە ڕووی بەڕێکردنی ژیان و گوزەرانیان پشتیان بە کەسانی خێرخواز بەستوە لە شاری هەولێر.
٧- زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە کێشەی دابین کردنی شیر ودایبی مناڵیان هەبوو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٨- زۆربەی نموونەی توێژینەوەكە كێشەی تەندروستیان هەبوو وەك نەخۆشی درێژخایەن و نەبوونی ماڤی سەرەتایی وەك خراپی ڕەوشی نیشتەجێ بوونیان لە گەڵ خراپی گەرماو و (WC) لە ژێر چادرەكانیان، ئەمە لە ڕێگای تێبینكردنەوە بۆ توێژەر زیاتر ڕوونبوەوە.

٩- چوار لە نموونەی توێژینەوەكە كە لە شارەدێی دارەتوو وەرگیران كێشەی نوبوونی كرێ خانویان هەبوو، وباری ئابوریان زۆر خراپ بوو.

١٠- هەندێك لە نموونەی توێژینەوەكە كەس و كاریان لە دەست داوە لە كاتی شەڕدا وەك برا و كوڕ و كچ.

**دووەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەكانی توێژینەوەكە:**

لەدوای نووسینی هەر توێژینەوەیەك توێژەران هەوڵ دەدەن چەند پێشنیاز وڕاسپاردەیەك بخەنە ڕوو، بە مەبەستی دەست نیشان كردنی كێشەكان و دیاریكردنی خاڵە لاوازەكان بۆ لایەنەكان و ڕێكخراوەكان كە بەرپرسن، بە مەبەستی چارەسەركردنی كێشەكانیان و دابین كردنی پێداویستیەكانیان، لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیە بە خاڵ چەند پێشنیاز و ڕاسپاردە دەخرێتە ڕوو بە مەبەستی گەیاندنی كێشە و گیروگرفتەكانی ئافرەت كە تووشی دەبن بە هۆی شەڕەوە لە ژێر چادر و خانووە تەواو نەبووەكان و خانووی كرێنشین ، بۆ لایەنەكان و بەرپرسان بە تایبەتی ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و دەزگای خێرخوازی بەهانای ئەو خێزانانە بچن چونكە باروودۆخ و شێوەی ژیانیان زۆر خراپە لە هەموو ڕوویەكەوە بە تایبەتی لایەنی تەندروستی و ئابوری و دەروونی بۆ ئەوەی كەمێك لە ئازارەكانیان كەم بكرێتەوە ، چونكە ئەو ڕووداوانە كەم نیە وەك لەدەستدانی ماڵ و موڵك وشوێنی خۆیان و كەسانی نزیك وەكو هاوسەر و برا و كوڕ وكچ، ئێستاش بێجگە لەو نەهامەتیە تووشی چەندینی كێشەی تر بوونەتەو، پێشنیاز وڕاسپاردەكانیش بریتین لە:-

١- دەبێت وەزارەتی كۆچ وكۆچ بەران كار بكات لەسەر نەهێشتنی خێزانی ئاوارە لە ناو شاری هەولێر بە تایبەتی ئەو ماڵانەی كە لە ژێر چادر و باڵەخانە تەواو نەبووەكان نیشتەجێ كراون، لەبەر ئەوەی ڕەوشی ژیانیان زۆر خراپە.

٢- پێویستە وەزارەتی تەندروستی لە ڕێگای تیمی تەندروستی وكەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە هۆشیاری و خۆپاراستنی تەندروستی ئەنجامبەدات لە ناو خێزانە ئاوارەكان چونكە نەخۆشیە گوێزراوەكان وەكو نەخۆشی پێست و نەبوونی مەرجی تەندروستی و نەبوونی خاوێنی لەو شوێنان زۆرە ، لە مەترسی بڵاوبوونەوەی بۆ كەسانی تر وچارەسەركردنی بەركەوتووان.

٣- كردنەوەی بنكەی دەروونی لە لایەن پسپۆر و پزیشكی دەروونیەوە بە مەبەستی یارمەتی دانی ئافرەتانی بەركەوتووی شەڕ و ئاوارە.

٤- كردنەوەی قوتابخانەی سیستەمی خێرا لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بە هاوكاری وەزارەتی كۆچ وكۆچبەران بۆ ئافرەتانی ئاوارە چونكە زۆربەیان یان نەخوێندەوارن یان دابڕاون لە خوێندن لە قۆناغە جیاجیاكاندا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥- یارمەتیدانی ژنان و کچان لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئافرەتان بەتایبەتی، بەمەبەستی پێدانی کەرەسەی تایبەت بە پاك و خاوێنی چونکە ئافرەت هەموو مانگێگ دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە زۆر پێویستە لەم ڕووەوە یارمەتی بدرێن.

٦- دابین کردنی ماڤ سەرەتایی بۆیان وەك خۆراك وجل وبەرگ وشیر ودایبی بۆ منالْ لە لایەن بەرپرسانی ئاوەرەوە.

٧- پێویستە لەسەر توێژەرانی بواری دەروونی و مێژووی توێژینەوە ئەنجامبدەن لەسەر برسی ژنان وکچان بە تایبەتی لە کاتی شەڕو ئاوارەییدا بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە لایەنی دەروونی و بۆ مێژووش کار بکرێت لەسەر نەهامەتیەکانی شەڕ وکاریگەری لەسەر ئافرەت.

## سەرچاوەکان


**یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی:**

١- أبو مصلح ،عدنان ،معجم علم الاجتماع ،دار أسامة للطبع ،عمان ،٢٠٠٦.

٢- بن حتيرة، صوفية السحيري، الجسد والمجتمع (دراسة انتروبولوجية لبعض الاعتقادات والتصورات حول الجسد) ،دار محمد علي للنشر، بيروت – لبنان،٢٠٠٨.

٣- دورتية، جان فرانسوا ،معجم العلوم الانسانية ،ترجمة جورج كتورة ،ط٢ ،كلمة و مجد المؤسسة الجامعية للنشر والتوزيع ،بيروت،٢٠١١.

٤- سەفەری ئەسارەت لە شنگالەوە بۆ ڕەققە، ڕۆژنامەی باس، ژمارە(٢٩٠)، لە ٢٠١٦/٦/١٤.

٥- سێ ڕۆژ لە گەڵ ژنانی ئێزدی، هانا فرهاد، گۆڤاری تروسکە ، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ئافرەتانە ، ژمارە (١٤٥)،٢٠١٥.

٦- الطفل السوري الغريق يدفن اليوم في مدينة كوباني ٢٠١٥/٩،موقع الكتروني في ٢٠١٦/٨/٥، http://aranews.org

٧- فاروق کەمال ،لە پەراوێزی کەسێتیدا خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی ڕەفتار، چاپی یەکەم خانەی موکریان بۆ چاپ و بلاْوکرنەوە، هەولێر،٢٠١٣.

٨- لاهاي عبد الحسين، مصطلحات ونصوص سوسيولوجية، باللغتين العربية والانكليزية، مطبعة الخير للنشر، بغداد،٢٠٠٨.

٩- لاهاي عبد الحسين، مقدمة في علم الاجتماع،مطبعة الخير للنشر، بغداد،٢٠٠٨.

١٠-مليحة عوني القصيرو صبيح عبد المنعم أحمد،مطبعة جامعة بغداد للنشر، بغداد، ١٩٨٥.

١١-ميشيل دينكن ،معجم علم الاجتماع ، ترجمة احسان محمد الحسن ،دار الحرية للطباعة– بغداد ، ١٩٨٠.

١٢–نادیە موراد، موقع الكترونی في ٢٠١٦/٨/٤ ، https://ar.wikipedia.org

**دووەم: چاوپێکەوتنەکان:**

١- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر(٦:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.

٢- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر(٧) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.

٣- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر(٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.
٥- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.
٦- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.
٧- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٧) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.
٨- چاوپێکەوتنی دوو کەسی لە کات ژمێر (٧:٣٠ تا ٨) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.
٩- چاوپێکەوتنی دوو کەسی لە کات ژمێر (٧:٣٠ تا ٨) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٦.
١٠- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.
١١- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٣٠.
١٢- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات زمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.
١٣- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.
١٤- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٨.
١٥- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥:٣٠) ئێوارە لە ٢٠١٦/٥/٢٧.
١٦- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/١.
١٧- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٢.
١٨- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٦) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٣.
١٩- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٥.
٢٠- چاوپێکەوتنی کەسی لە کات ژمێر (٥) ئێوارە لە ٢٠١٦/٦/٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## وێنەکانی توێژینەوەکە

### وێنەی ڕەوشی خێزانە ئاوارەکان لە پارێزگای هەولێر

**(١) جۆری گەرماو**



**(٢) شوێنی نوستن**



(٣) چێشتخانة




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٤)خانوو لە کەرەڤانە لە بەنزینخانەیەك جێگایان بۆ کراوەتەوە



(٥) جۆری گەرماو



(٦) خانوو لە یەکێك لە باڵەخانە تەواو نەبووەکان لە شاری هەولێر




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پوختەی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە دیاریکردنی ئامانج هەیە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتی بوو  لە زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر ئافرەت ، و لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئافرەت بە شێوەیەکی تایبەتی،و هەر وەها زانینی کاریگەری شەڕ لەسەر لایەنی تەندروستی وئابوری بە مەبەستی دیاریکردنی پێشنیاز و ڕاسپاردەی پێویست بە مەبەست چارەسەرکردنی هەندێك لەو کاریگەریانە.

ولە گرنکترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشت بریتی بوو لە، زۆربەی یەکەکانی  توێژینەوەکە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون و ژن و کچی ماڵەوە بوون،  و دابڕابوون لە پرۆسەی خوێندن، هۆکارەکەشیان گەڕاندەوە بۆ ڕەوشی سیاسی و خراپی ڕەوشی ئابوری خێزانەکانیان.

لە ئەنجامی تری ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە وا زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە تووشی ترس و دەڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی بوون تەنانەت لە دەوروبەری خۆیانیش بە هۆی شەڕەوە، ئەمەش لە ئەنجامی تێبینکردن و چاوپێکەوتن ڕوونبووەوە، و زۆربەیان  کێشەی دابین کردنی پێداویستی شیر ودایبی منالیان هەبوو. لە گەڵ بوونی کێشەی تەندروستی ئەندامانی خێزانەکانیان وەك نەخۆشی درێژخایەن و نەبوونی مافی سەرەتایی و خراپی ڕەوشی نیشتەجێ بوونیان لە گەڵ خراپی گەرماو و (WC) لە ژێر چادر وخانووە تەواو نەبوەکانی کە لێی نیشتەجێن، و هەندێك لە نموونەی توێژینەوەکە کەس و کاریان لە دەست داوە لە کاتی شەڕدا وەکو برا و کوڕ و کچ.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## ملخص البحث

أن موضوع أثار الاجتماعية للحرب وخاصة على المراءة يعد من الموضوعات المهمة التي يهتم بها علم الاجتماع ، وذلك لتقليل أثارها السلبية على المجتمع، وان دراستي هذه محاولة متواضعة في هذا المجال ، فهي تتكون من مقدمة واربعة فصول، في الفصل الاول، يتناول الاطار العام للبحث وتحديد المفاهيم، وذلك للعرض مشكلة البحث واهميته وأهدافه، تكمن في معرفة تأثير الحرب على المرأة بشكل عام، واجتماعي و النفسي بشكل خاص، وفي فصل الثاني تتطرق نظريا الى أثار الحرب الاجتماعية والنفسية ، وفي فصل الثالث والاخير من الجانب النظري عرض الاطار النظري للاجرات البحث الميداينة، كالمنهج والمجتمع البحث وتحديد العينة ومجالاته، وفي الفصل الرابع والاخير تم عرض النتائج الدراسة الميدانية حيث وصلت الى أن أغلبية الوحدات العينة كانوا من سكان غرب كوردستان سوريا، وكانوا ربات البيوت، وانقطعن عن الدراسة ورجعوا الاسباب الى سوء العوامل السياسية و الأقتصادية لعوائلهن.

وكذلك أن أغلبية الوحدات العينة يعانون من القلق النفسي وعدم الثقة بألاخرين حتى الذين من حولهم بسب صدمة الحرب التي مرت بهم، أتضحت ذالك من خلال الملاحضة والمقابلة، ومن المشكلات الأخرى للوحدات العينة فأن أغلبيتهن كانوا يعانون من نقص تلبية الحاجات مثل الحليب و الحفاضات لأطفالهن، مع وجود مشكلات صحية للعضو من أعضاء عوائلتهن من الناحية الصحية كأصابتهم بألامراض المزمنة مع وجود مشكلات أخرى كسوء مكان العيش والحمامات والمرافق الصحية في الخيمات والبينايات الغير المكملة التي يعيشون فيها، وأغلبية الوحدات العينة فقدوا عوائلهم أثناء الحرب كأطفالهن وبناتهن وأخوانهم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**Abstract**

The subject of the social effects of war and especially on the women is one of the most important topics of sociology, in order to reduce the negative impact on society, and my study is a modest attempt in this area, it consists of an introduction and four chapters, in the first chapter, The general framework of research and conceptualization, to present the problem of research, its importance and its objectives, lies in the knowledge of the impact of war on women in general, and social psychological in particular, The second chapter deals with the effects of social and psychological warfare, and in the third chapter takes, the theoretical framework of research and in the fourth chapter were displayed field study where he reached the majority of the sample units were from the west of Kurdistan of Syria's population, and they were housewives, and dropped out of school and returned reasons to poor political factors and economic families.

The majority of the sample units suffer from psychological anxiety and distrust of others, even those around them, because of the trauma of the war they experienced. This was evident through the follow-up and interview. Among the other problems of the sample units, the majority were suffering from lack of meeting needs such as milk and diapers for their children. The health problems of the member of the members of their families in terms of health as chronic diseases with other problems such as the poor place of living, bathrooms and health facilities in the camps and non-complementary buildings.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)